من نەبەرەی ئەو بووم، هەردەم دەمان بە یەکتر دەکردەوە، هەموو کات دەیگوت: ئاگەر کێشەت لەدەرەوە هەبوو، پەیوەست ناکات بە کەسی دەرەوە باسی بکەیت، وەرەوە لەلای من باسی بکە، من دایکتم لەهەموو کەس باشترت دەناسم، هەروا لێرە لەماڵەوە هەموو شتەکان باس دەکەین، چۆن باشبێ وا چارەسەری دەکەین.
ئێستا کەسێکی وا نییە، دێ و دەروونی خەمی بە هەڵژم، پێشتر هەردەم دایکم بەپشت و پەنای خەم دەزانی، لەلای من دایکم خواوەندێکە، هیچ کات لەپەرستنی پێشیمان نابمەوە، خواش هەردەم لەنەو ئایتەکانی دایک بەخواوەندێک دەناسێنێ، هەموو کات لەهەر کارەمکەدا دەگوت: ئاگەر دایکم رازی بێ ئەوا لەو کارەدا سەرکەووتووم، ئاگەر نا هەموو کارەکەم لەکەهێدەوشێتەوە.
ئێستا کاتێک بەشقامەکاندا ڕەدەکەم، وا دەزانم سەرگەردانم، کاتێک بەرەو ماڵەوە دەڕۆم، هەر وا دەزانم لەماڵێ، کەچی کاتێک دەچمە ماڵەوە هەموو ژووڕەکان بەدوایدا دەگەڕێم، وەک منداڵێکی ساوا چاوەڕێم، دایکم پێمبێ: ئەمێ زوو هاتیەوە، دیارە دەوامتان کەمتر بووە.
ژمارەی تەلەفۆنی دایکم بەدڵی نووسی بوو، پێشتر زوو زوو تەلەفۆنی بە دەکردم و دەیگوت:کاتێک هاتیەوە ئەو شتانە لەگەڵ خۆتدا بێنە، منیش دەمگوت:دایە، ئاگەر درەنگ هاتمەوە، خۆ هیچ نابێ.
ئەویش لەوەڵامدا دەیگوت: هەڵە کاتێک هاتیەوە، بەڵام ئەو شتانەی پێمڕاسپاردی لەگەڵ خۆتدا بێنە.
زۆرجاران سەیری تەلەفۆنەکەم دەکەم، بەڵکو دایکم تەلەفۆن بکات و بڵێ میوانمان هەیە، زوو ئەو شتانە بهێنەوە، خوشکەکانت هاتوون، هەندێک چوکلێت و خواردنی منداڵانەش بە منداڵەکانیان بێنە، هەموویان دەڵێن: خاڵمان لەکوێیە.
ئێستا وەکجاران دایکم تەلەفۆن ناکات، هیچ هەواڵی منیش ناپرسێ، بەیە هەست بەبەشایەکی گەورە دەکەم، وا دەزانم قورسایی هەموو دونیا لەسەر شانمە، وەک منداڵێکی ساوا چاودێگەم تا دایکم دەستی بەسەرمدا دابێنێ، هەموو ژووڕەکان دەگەڕێم، کەچی دایکم دیار نییە، قوڕگیشم گیرایە، دەمەوە هاوار بکەم:دایە..دایە.
دەزانم دایکم ئاگای لەمە، بەیە کاتێک دەگەڕێمەوە لای ماڵەوە یەکسەر دەڵێم:دایە ئەوە گەڕامەوە ماڵەوە.
دەستم بە هیچ ناچێ، هەر کاتێک بمەوێ کارێک بکەم، یەکسەر وازی

لەدەم نەوەک دایکم رازی نەبێ و پشتگیریم نەکات...بۆیە سەرگەردان سەرگەردان بێشەقامەکاندا رەدەکەم.
وەک لەسەرەتادا باسمکرد، ئێستا تەمەنم 53ساڵە وەک پیرەک وام، وەک منداڵێکی ساوام بەدەستەوە...ناتوانم هیچ هەنگاوێک بهاوێم، ئەو هەنگاوانەی دەیهاوێم خەم زۆر بەبەردەرێتان دەزانم، وەک ئەوەی لەوێ تەکدا بم تا منی تیادا نامێ بم، کەس لەزمانم نازانێ، منیش زمانی ئەوان نازانم، زۆر هەوڵدەدەم بەزمانی ئاماژە تێیان بگەنم، کەچی ئەوان وەک کەوڵان وان لەزمان و نەزمانی ئاماژە دەزانن، تەنیا سەریان بادەدەن، بێشەوێیەک وا دەزانم ئەوانیش دایکیان کەچی کردووە.
چیرەکی هەموومان لەیەکتر دەچێ، میهرەبانێ دایکم وەک میهرەبانی هەموو دایکانێ، لەم رووەوە دایکم دەیگوت: هەموو دایکانی دونیا لەیەکتر دەچن، هەموویان میهرەبانن و منداڵەکانی خۆیان وەک چاویان خۆشدەوێ، هەڵە منداڵێکی یان هەر نەوەیەکی بیر لەوە بکاتەوە، کە جیاوازی لەنێوانیان دەکا، ئەوا بەهەڵە داچوونێ، گەورەیی دایک لەوەدایە ئاگڕە منداڵ و نەوەکانی لەدووری هەزاران کیلەمەتریش بن، ئەوا دڵی دایک هەستی پێدەکا.
گەورەیی دایکیشم رەزانێ لەپێش چاوم دووبارە دەبەوە، دەیگوت: کەم دەزانم هیچ شتێکی خراپ ناکەی، لەرووخسارت دەخوێنمەوە ئەمڕۆ چ کارێکت ئەنجامداوە، دەزانم خەڵر بووە یان شتێ.
هەموجار بەدایکم دەگوت: دایە، تۆ چۆن دەزانیت، کاری باشمکردووە، یان خراپەکاری، دەیان کیلەمەتر لێت دوور بوومە، هەموو ئەوانەی لەگەڵمدا بوونە، تۆ هەڵە نایانناسیت، تۆ چۆن دەزانی ئەوڕۆ کارێکی سەر شتانەم نەکردووە، غەدرم لەکەس نەکردووە.
دایکم: دەزانم کەسی خراپ بە شاردنەوەی کارە خراپ تاوانەکانی، لانەو ماڵە خەیدا کۆشە دانیشتەوە، تا کەس لێی نەپرسێ، ئەوەت چۆن بەڵێکرد، یان لێی نەپرسی ئەوە بەدرێژایی ئەو رەژە لەکوێ بووێت.
زەرجار دایکم دەیگوت: دایکانی کورد، یان دایکانی رەژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو دایکانی دونیا، دایکانی ئەم ناوچەیە، هەردەم لەنەودووتەیی خەم و پەژارەن، چونکە دایکان لەرە هەموو کات لەنەو شڵە و جەنگەکاندان، راستە ماوە ناماوە ئاشتی بەرقەرار دەبێ، کەچی لەناکاو شڵە و شڵەکەی گەورەی بە دەهەنەکایەوە، لەم کاتشدا تەنیا دایکان جڵگسووتاو دەبن، سەیرەکە لەهەموو لایەک شڵە، جەنگ، ئەوە تەنیا رەڵەی ئەو دایکانە دەبنە سووتەمەنی.
دایکم دەستی بە ئاسمان بەرزدەکردەوە و دەیگوت: خوایە بگەورەیی خوت رەڵە و نەوەی دایکان بپارێزە تا چیتر جەرگسووتاو نەبن، با

دایکان ئەو هەژگاری ماویانە بۆئاسوودەیی ڕۆژکانیان بدەن بکەن. ماناکانی دایک زۆرن، ناتوانم پێ بپەستی دایک و وشەکە، هیچ شتێک بنووسم، دەستەواستان وەستاوم، لەئاست وشەی دایک، هەر مانایەکی پێبەخشیت، ئەوا بتەواویی ناتوانیت گەورەیی و میهرەبانی دایک شیبکەیتەوە، هەموو دانا و ئەدیب و نووسەر و شاعیر هەریەک لەلای خۆیەوە، باسی دایکی کردووە، هەمووان ئاست میهرەبانی و گەورەیی دایک کەنووش دەبەن.

ڕەسوول بەختیار

ئەوارانێ ٥٤.. شیعری سەردار جاف

ئەوارانێ لاسارێ دەبەتێ گژەوک
بێ حەوشەی هەستەکانما ئەغر دەکا و
لێ گویسەبانەی خانووە قوڕەکەی شیعرەکانما
وەک چلوورە شڕ بەتەوە و نازانێ کەنگێ دەسکنێ
نە بە شنە و نە بە غوباری گەردەلوول ون نابێ
تەلار و ئەپارتمانی دوو دیوی ژینم نوقمی تەفانی خەی دەکا
بە تەوژمی شەپەلەوە
کپ نابێت و
لێ ساباتی گەکان دەکنێ
ئەو لێ نیشتیمانی ئەوبەرەوە
سنوورێ یاساغەکانی ترپەی دەم دەبڕێ
لێ سەیوانی ئارامیم
دەبەتێ شڕبییەکی ئەقڕێ گرتوو
کەچی هەر ملی ڕەی لەم ناوێ
قووڕێ لیتەکانی نەوان دەشەڵێ
نازانم ..نا
ئەم ژیانێ ژیاوێ
یان دەیەوێ کەم سەراغی سەمای ماسییەکان بکا
بە نەو تەمتومانێ ڕەی کردووە

وەک چاو و قژ
دەتە ڕەحمەوە و لەم نابەتەوە
شەقاوە گەرمەکانی ئەوارانەی شەهلا
بەنی دارستان بە نیشتیمانی ئەمبەر دەنە
ئەو لە کەت و بەندی ئازادی هەدە ، خە رادەپسکەنە
ژانی دوەنە
دەخواتەوە
لە سەر مەزی قوماری ژیان
گەمە دەکا
دەراندەری شیرە بەفرینەن و دەن و دەپوکەنەوە
لە سەراغمن و هەر ونم
دەتومەوە و سەرلە نوە دەبارەمەوە
بە دەنکە تەسبیحی هەنیي هەواسراوم
کافرەشە کولیتەی حەشاردانمە
خە لە منا دەچنمەوە
دەبمە سەبەتەیەک سەو و لە باغی ئیرەم دەردەکرەم
شەهلا دەنکە تەسبیحەکان دەژمەرەت و
بە نەو خەیا لوولم دەکا
ئیدی ئەوە بانژەیەکە بە ئەبەد نایەمەوە
هەدی هەدی
بە نەو بەهرەیی خەمادەم ، دەخولەمەوە
نازانم کەم و چیم و لە کوەم
هەنی دوور ەە یان بەهرەمە
م ووا کولیتەی یەخسیربوون بە سەرئەودا دەەووخە
لەم کونجەوە ئیشق دەبەتە زنەیەک
دەبمە کارەز ، ڕادەچمە ناو ڕەح و هەستی
وا لە زیندانا بەکەسم
خەشم دەوەی خەشەویسترین کەسم

۲۰۲۳ /۱۲ /۱۰

دادگای باڵای فیدراڵی ئامرازی دەستی لایەنگیری سیاسیە.. عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژی 14ی نۆڤەمبەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، جێنجاێکی زێری بەدوای خۆیدا هێنا، کاتێک بڕیاری سکاڵایەکی لەسەر محەمەد حەلبوسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەرکرد، لە کۆتاییدا بڕیارێدا ئەندامەتی حەلبوسی لە ئەنجومەنی یاسادانان هەبوشێنێتەوە، لە بڕامبەر ئەم بڕیارەشدا فرسەتی هیچ تانەدانی بە حەلبوسی نەهێشتەوە.

دەمەزراندنی دادگای باڵای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، بەو ناوەی هەیبەی بڕگری بە سەروەری یاسا لە عێراقی دوای سەدامدا دەبێت. دەسەاتێکی فراوان بەخشرا بەم دادگایە لە دیاریکردنی دەستوریەتی یاساکانی یاسادانان و هێکخستنەکان، ناوبژیوانی گرفتەکانی نێوان بەغدا و پارێزگاکانن، پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، بڕکارهێنانی دەسەاتی دادوەری تایبەت بەسەر لێپچینەوە دادوەریەکان دژی دەسەاتە باڵاکانی حکومەت. هەروەها دادگا چەندین گرەنتی بە سەربەخۆیی خۆی (وەک دەسەاتێکی دادوەری) پێدرا، لەوانە لەسەر ئاستی کارگێڕی و دارایی.

بەپێی شرعیەتی دادگای باڵای فیدراڵی و دەوری لە بریارەکانیدا هەمیشە جێگای نیگەرانی و مشتومڕی لایەنە سیاسیەکان بووە، هەروەها هەڕەشەی لەو دادگایە بە هەمای پێوەست بونی تائیفەگەری گیراوە، چونکە لە هەمان کاتدا ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەکتەرەکانی دیکەی پێکهاتنی حکومەت لە چوارچێوەی هەمان تائیفەگەریدا ڕەکخراون و بە قازانجی دەسەاتی شیعە گەرای سەر بە ئێران بڕیارەکانیان گونجاندوە.

دیارترین نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە ئەم دادگایە لە ساڵی ٢٠١٠دا هێگەی بە دووبارە دانانەوەی نوری مالیکی وەک سەرەک وەزیران داوە، سەرەڕای ئەوەی پارتەکەی ئیاد عەلاوی زۆرینەی دەنگەکانی لە کۆبەکەی پەرلەمانی ئەو ساەدا بەدەستهێناوە، بەهام کۆتە ژێر پەردەی بە سیاسی بونی ئەو دادگایەی کە بڕیار وابو بڕگری لە سەروەری یاسا بکات.

دادگای باڵای فیدراڵی لە ساڵانی ڕابردوودا بە تایبەت لە سەرکردایەتی دادوەر فایق زێدانەوە، کە لە ساڵی ٢٠١٧ بووە سەرەکی

ئەنجومەنی باڵای دادوەری و هاوپەیمانی ئەردوگای لایەنگری ئێران، توانیان جێگا بە سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی مەدحەت مەحمود لێژکەن وە ناچارکرا خانەنیشین بێت، لە هەمان کاتدا بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی دادوەرە شیعەکانی سەر بە ئێران کە لە پارێزگاکانی باشوورەوە دیاریکران، بەم شێوەیش خزمەتگوزاریەکانی ئەم دادگایە، بە پێردە کۆتە خزمەت بەرنگاری دەسەاتێک کە بەیاکانی لە پێیوەند بە بەرژەوەندیەکانی ئێرانەوە دەردەچێت.

دواتر دادوەر فایق زێیدان دەسەاتە نوێیەکەی بەکارهێنا بە جێبەجێکردنی گەانکاریە گەورەکانی دادوەری، بە نموونە ئەنجومەنی باڵای دادوەری لێژنەیەکی بە "بەڕێوەبردنی پیشەکان" دروستکردو دەسەاتی فراوانی پێدرا بە بەرزکردنەوەو دەرێزکردنەوەی دەسەات و نفوزی، هەروەها خانەنشینکردنی دادوەرو داواکاری گشتی، لە بنەڕەتدا زێیدان دەسەاتی دانان و دوورخستنەوەی سەرجەم دادوەرەکانی وەاتی پێ بەخشرا. هەروەها پێگەی نفوزی خۆی بەکارهێنا بە کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی، لەوانە دەستنیشانکردنی سەرۆکی نوێی دادگای باڵای فیدراڵی، جاسم محەمەد عەبود، کە بە کەسێکی دەسەز بە زێیدان ناسراوە.

کاتێک لە ساڵی ٢٠٢١دا دوای چەند مانگێک کە بانگەوازی هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانیان کرد، ئامادەکارییەکانی حکومەت بە ئاو دەنگدانەش بریتی بوو لە چاکسازی لە کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. زێیدان بە خڕایی سوودی لەم پرۆسەیە وەرگرت و دەنیای کردەوە کە ئەنجومەنی کەمسیۆن "مجلس المفوضية" لە دادوەرەکان پێکدەت بە ئاوەی خۆی و بازنەکەی بتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر بڕیارە گرنگەکانی پێش هەڵبژاردنەکان.

لە چەند هەفتەی دوای دەنگدانی مانگی ئۆکتۆبەر، زێیدان بە شێوەیەک دادگای باڵای فیدراڵی ئاماستە کرد کە پشتیوانیان لە بڵۆکی لایەنگرانی ئێرانی دەکرد،. لەسەرەتادا وادەرکەوت دادگاکە هەوڵستێکی هاوسەنگی گرتەبەر بە پەسەندکردنی سەرکەوتنی هەڵبژاردن کە بڵۆکی سەدرییەکان بەدەستیان هێناوە، بەاام زوری نەخایاند دادگای باڵای فیدراڵی زنجیرەیەک بڕیاری لە بەرژەوەندی "چوارچێوەی هەماهەنگی" دەرکرد، بە قازانجی شیعەکانی سەر بە ئێران و بە پێراویز خستن و دژایەتی کردنی سەدرییەکان تەواو بو.

هەنگاوە گرنگترین ئاوە بڕیارەی کە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی سەرۆکەکی نوێوە هەیە و لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بڕیار دەدرێت، کەهەنگاوی یەکەمی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتە، دادگا بڕیارێک بڕیاری چەنیەتی بەوانامەدان بە دەنگدان بە سەرۆک کۆمار لە

بەرژەوەندی "چوارچێوەی هاماهەنگی" گێی، لە بەرامبەردا زەمینەی بۆ دەستلەکارکێشانەوەی فراکسیۆنی سەدرو هاتنی "چوارچێوەی هاماهەنگی" بۆ دەسەڵات خۆشکرد.
هەروەها دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری دەرکرد کە بووە هۆی سزادانی نێیارانی سیاسی ئێردوگای لایەنگری ئێران، لە شوباتی ٢٠٢٢ دادگا یاسای سامانە سروشتیەکانی ساڵی ٢٠٠٧ی حکومەتی هەرێمی بە نادەستووری ناساند، بە شێوەیەکی کاریگەر ئاو چوارچێوەیەی هەوشاندەوە کەحکومەتی هەرێم بتوانێت نەوت بفرۆشێت، بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی پاڵنەرێکی سیاسی ووڕوژێنی هەبوو، ئاویش گوشار خستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وازهێنان لە ئێردوگای سەدر، هەر ئەمەش کە سەدرو حەلبوسی و بارزنی نەیانتوانی حکومەتێک پێکبهێنن تا فراکسیۆنە لایەنگرەکانی ئێرانی بکاتە دەرەوە، لە ئاکامدا ئەم دەستەوەردانە پڕچەکدارێ دەرگای بۆ "چوارچێوەی هاماهەنگی" کردەوەو گەیشتە ئامانجەکەی و حکومەتی پێکهێنا.
لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣، دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا کە گواستنەوە لە بودجەی فیدراڵیەوە بۆ حکومەتی هەرێم نادەستووریەو لە مانگی ئایاریشدا هاوشێوەکەی بۆ دەرچەزکردنەوەی ماوەی ئەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێمی هەوشاندەوە.
هەژی 4ی ئەیلول، دادگای باڵای فیدراڵی ئاو یاسایەی هەوشاندەوە کە هەکەوتنی عەراق و کوەت لە ساڵی 2012 بۆ هەکخستنی کشتیوانی دەریایی لە هەەوی ئاوی خورعەبدوڵا پسەند دەکرد. دەسێکە لایەن نوێنەری "بلەکی حوقق"ەوە تەمارکراوە، کە دەزگایەکی سیاسیە و سەر بە میلیشیای "کەتیبەکانی حزبوڵا"یە، کە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت، هەنگە ئاو پرسە لە ئاەزیەکانی ئەم دواییەی نێوان تاران، کوەت و عەرەبستانی سعوودیە سەبارەت بە ئیستغلال کردنی کەگەی گازی سروشتی "دەە" سەرچاوەی گرتبێت. لە هەر حاەتێکدا ئاو بڕیارە هەەشەی پێکخستنی تونەدی پێوەندیە دیپلۆماسیەکانی نێوان بەغدا و کوەیت دەکرد، ئەمەش وایکرد محەممەد شیاع سودانی، دەستوەردان بکات. لە کۆتایدا زێدان ئاماژەی بە ئەگەری پێچەوانەکردنەوەی ئاو بڕیارە کرد.
بڕیارەکەی دژی حەلبوسی لە ١٤ی نۆڤەمبەردا بەزیادەوە درێژەپێدەری هەمان هەوتی سیاسی بونی هەوشوێنەکانی دادگای باڵای فیدراڵی سەلماند، حەلبوسی بەدرێژایی ساڵان توانی ببێتە سەرکردەی سیاسی سونەکان، سەرەای گەانکاری زەر لە حکومەت و هاوەی دووبارە بە دەرکردنی، توانی هەی سەرکردایەتی خۆی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بپارێزێت، بەام لە کۆتایدا بە بڕیارەکی دادگای باڵا لە کارەکەی

دوور خرایەوە.
بەیارمەتی دادگای باڵای فیدراڵی کە هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندیکانی تاراندا، لەلایەکی ترەوە نابەت ئەوەش لە بیربکەین ، زەرجار مەیلەک بەرەو هەنگاوەکانی ئایدەلۆژیای ناسیۆنالیستی عەراقی ئاشکرا دەکەن، تا چوارچێوەیەک لە دابینکردنی ئەمنیەت بە سەرمایەگوزاری بەنێوبەرن، بەتایبەتی ئامانجکانی هەوڵدان بە ناوەندکردنی دەسەڵات لە بەغدا و کەتایی هێنان بە دەسەڵاتی هەرێم، چاکسازی لە دەستوور بە شکاندنی سووڕی درێژخایەنی قەیرانەکانی دوای هەڵبژاردن، هەوڵدانە لە کەتایی هێنان بە ناسەقامگیری لە سایەی دەسەڵاتی یەکلایەنەی چوارچێوەی هەماهەنگیدایە.
زێدان بەناوی بەدواداچوون بە باڵادەستی دادوەری یاریکردنی بە یاساکان نیشانداوە، کە یەک بگرەتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی و دەخالەتی ئێران لە عەراقدا، هەروەها گونجاندنی لەگەڵ ئەو لایەنانەی نوێنەرایەتی سیاسەتەکانی ئێران دەکەن، بەم پێیە سیستمی قەزایی نەخستەتە بەرامبەر ئەو میلیشیایانەی ئێران پاڵپشتیان دەکات
هاوکات ئەو هاوبەشانەی دەیانەوێت دەستی ئێران لەسەر عەراق شل بکەنەوە، دادگا بە وردی و بە ئارامی مامەڵەی پاشکۆکردنیان پێدەکات، چونکە دادگای باڵای فیدراڵی لە چوارچێوەی حوکمرانی ئێستای عەراقدا سنووری خۆی تێپەڕاندووە، لەگەڵ دوورینکی تازەی هەوڵدان بە ناوەندکردنەوەی حکومەت لە عەراقدا بەیارمەتی دەگونجێنێت، واتە هەڵبژاردن و پێسەی پێکهێنانی حکومەت، ناکۆکی جەراوجێری نێوان بەغدا و هەولێر و لایەنە سیاسیەکان لە عەراقدا نیشان ئەدات، بەیەدەبەت پابەند بێت بە بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵاتێک کە باڵا دەستی کەماری ئیسلامی ئێران بەسەر عەراقدا قەبووڵ ناکات، بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ئێران لەناو خودی دەسەڵاتی دادوەریدا پێویستی بەوە دەبەت کە دەسەڵاتی سیاسی لە بەغدا لە دەست هەژمونی چوارچێوەی هەماهەنگی بهێنرێتە دەرەوە.

ئەوەی پێویستە لە ئاکامی سەلماندنی پاپەندی بونی دادگای باڵا، کەبە لایەنگرو پشتیگیرکردنی بە لایەنێک لە دەسەڵاتدا دامەزراوەو پێچەوانەی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیکانی خەڵکی عەراق، شەرمەزاریە ببێتە جێگای ئومێدی هەرلایەنێکی سیاسی کە چاوەڕوانە لە هەڵگەی بەیارمەتی ئەم دادگایەوە دەستکەوتێکی هەبێت، ئەم حاڵەتە لە تایبەتمەندی لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان و بزوتنەوەی نەوەی نوێدا زەر بەرجەستە بەتەوە، کە بە دروستکردنی تەوەهومی داوای سکاڵا

لەو دادگایە باس لەوەرگرتنی خواستەکانی خەڵک دەکەن و ئومێدی بە پایە دەبەخشنەوە لەسەر ئەو دادگایەی یەک هەنگاو نانێت گەر لە بەرژەوەندی کەماری ئیسلامی ئێران نەبێت، راشکاوانە ئامرازێکی دەستی شیعەگرایە لە پێوەند بە "چوارچێوەی هەماهەنگیەوە".

بە ئەم وتارە سود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە
فهم قرارات "المحكمة الاتحادية العليا" المسيسة في العراق
سيلين أويسال
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/fhm-qrarat-almhkmt-alathadyt-allya-almsyst-fy-alraq

---

بۆنی بزربوونم رۆژەیەك دەوات.. ستار ئەحمەد

باڵی پەپوولە هەڵگری بۆنی ئەو نزارانەیە کە بەهرەمەندی جوانییەکانی تێدا بەدیدەکرێ،لەگەڵ خەونی شاعیرانا رەنگین دەبێت،قەشەنگی شیعریش لەوەدایە قووڵبیتەوە بێ نۆو جەرگی غوربەت وتەنیایی،لە چاوەڕوانیدا کزەی ئالوودەیی بەئەشکی نسرمە سارەکان داڕژی.

دانا عەسکەری شاعیر لەمەیدانی پەیقی ئاووڕاو تڕپکی وشەو رووباری شیعرو تووڵەگای رستەدا..ئاوەژوو بەگژ ڕۆژگارەکاندا دەچێتەوە،لە خوناوی وشە رووی هەڵنراوە دەشواتەوە.

من لەقەد تاشەبەردێك نووسرابووم

چەند زەمین بەدایکایەتی فریودرا

ئەوەندەش لەو رووناهیە بەگومانی

کەلەسەر شانی تاریکی دەسکڕ

شاعیر چەتری دڵنیایی فڕێداوەو لەبەر دڕپەی بارانە شیعرو لەژێر

رەھێەی تەنیایی و چاوەڕوانیدا تێناگات و چۆەی گەوارەی گومان روانگەی لێدەکەن،وەلێ ناخی رووگەی لالەزاری خاکەکەیەتی و تارای کێچکردن دەسووتێنێ و رەشمالی بەرخورداری هەڵدەداو ..لەهێبەی گومانا ،لە دەسەزی شاعیران و بەرداشی جەرگەی هەڵوەستەکانی وردەبێتەوە.

دێنیایە بەزامی شیعر ئاڵای نەبەردی سوورەکا،بەڵام بەسەر ڕەحی وشەیەکا دەدرێت لەگەرووی نەهەنگی ستەما دەخنکێنرێ.

شاعیر دەروونی ناخی دایکێکە لەسەر ڕایەخی فریودان نوقمی دورگەی ئەفسانەو دونیای ئەفسوون دەکرێت .بەگومانە لەو ئەستێرەیەی بەگەوارە نیگاکانی دادەپۆشن و ئەو تروسکانەش بەجادوو دەزانێت کەنزای سەر شانی لوتکەکان بەتیشکی دێنیایی هەڵدەواسن.

هەموو گەڵانەوە ماڵی خۆیان

تەنها من و ونبوونی خۆم نەبێ

بەیانیان سەبرمان لەچاوەڕوانیدا بەتاڵدەکرایەوە

ئێوارانیش پێ بەدەنگی بزربوون

تێکەڵ بەو ڕۆژانە دەبووین

کەمردن لەحەساری ئێمەدا

سەرقاڵی سێبەرەوەی ئەو تەڵە تەبایيە بوو

ونبوونی شاعیر لەگەڵ جەستەی هەزاران گوڵبەی تواوەی نێو گەرداوا ..کەلەبیابانەکانی خواروو کۆرکرانەوە،ئاماژەیە بێ دەفراوانی و ئەو سەبرە تووڵانییەی کەعەوداڵی دەرکەوتنی پرشنگی ئازادی بەها ئینسانییەکانە،عومرێك دیاری دەستی خۆزگەی شرینەو کێچکردنی گەڵای بینایی خەزانە.قەوانی بەتاڵی ژینی دووبارەکردنەوەی بەیانیانی بەنیاز نەگەیشتن و ئێوارانی ئەندێشەو تەنیایی و بیرەوەریی هەڵوەرینە.

لەحەشارگەی دووداڵی و گومان و گەڵانیشی مژینی هەڵاڵەی یەکسانی و تەبایی..ئەفسوس ئاسەواری ژوانگەی بێداری هەڵوەشان و سێبەرەوەی جێوبەردانی ئەسپی کەحێلی راستیە..

لەنەبوون دەچم

ئیتر چۆن لەهەواری بیرەوەریدا

لێوی ئەو ماچانە گەرمبکەمەوە

کەبەسەر رووەمەتی

وێنە رەش و سپیەکەی باوکمەوە

رەق هەڵاتوون

هەموو گەڵانەوە ماڵی خۆیان

شاعیر مەڵگەی ئازارەکانی پەروانەی ڕۆحی دەسمن و ناتوانێت تینی هەڵاوی حەسرەتەکانی لێوی هاوخەمەکەی گەرمکاتەوە. لەدەریاچەی دووربینیا کەشتی مەزارەکانی لەنگەر ناگرێ،سەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی ،گورزی باوکسالارییەو ڕەهایی دەنەوایی بەر شەپۆلی دونیای زەبرو لەبیرچوون کەوتووە.

هەموو گەڵانەوە ماڵی خۆیان

تەنها من و چاوەڕوانی نەبێ

بێ بزربوونی خۆمان ماینەوە

چەند خۆشە بەدوای خودی خۆتدا وەڕبیت،بتوانیت خودی خۆت بناسیت و ناسنامەی بوونت لەترۆپکی دیرۆکداتۆماربکەیت،سنووورەکان ببەزێنی،لەهەوارگەو لانەی خۆتا بێباکانە بەگژ ناهەمواریەکانا بچیت.

ستار ئەحمەد

مندا و نوستن.. محەمەد بەرزی

نوستن بریتیە لە پشوویەکی کاتی ، سەرلەنوێ جەستەی مندا چالاک و

بارگاوی دەکاتەوە ، قەرەبوی وزەی جووڵە و ئاو وەرزشانەش دەکاتەوە ، کە لە ڕێژەدا لە دەستی دەدات . ئاو زانیاریانەش دەپارێزێت ، کە بە درێژایی ڕێژ فەری بووە . بە تایبەتی لە کاتی خاوی خۆش و قووڵدا ، کە چاویان بەخەرایی ناجووڵێنن . بەمەش وزە بە جەستەی دەگەڵتاوە و ئاو هەڵمانە دەردەکات ، کە بە گۆشەی مەشکی زۆر گرنگ و بە سوودن و نیشانەی تەندروستییەکی زۆر باشن . بە پێچەوانەشەوە کەم خاویش بەرگریی لەشیان لاوازدەکات و کاریگەریی نەرێنی لەسەر باری دەروونی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان دروستدەکات . بەگومان هەموو لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بە کاریگەریی خراپی کەم خاوی لەسەر مرۆڤ کردووە ، دەرکەوتووە ڕێژەی لە منداڵاندا زۆر زیاتر بووە . چونکە جەستە و مێشکیان هێشتا لە قۆناغی گۆشکردندان . بە گشتیش ٢٥ ٪ بۆ ٣٠ ٪ ی منداڵان تووشی کێشەی کەم خاوی دەبن ، بەڵام دەکرێت لە ڕێگای کرداری ئاسایی وەچارەسەربکرێن . جا لەبەر ڕۆشنایی ئاو تواڕێنەوانەی لە وەاتەکی وەک ئەمریکادا کراون ، ماوەی نوستنی منداڵان بە پێی تەمەنیان دەگۆڕێت و پێویستە بەمجۆرەی لای خوارەوە بێ :

١ – منداڵی تازەی لە دایکبوو تا یەک ساڵ (٠ – ١) پێویستی بە ١٦ کاژمێرە.

٢ – منداڵی ساوا (١ – ٢) ساڵ ، پێویستی بە ١١ بۆ ١٤ کاژمێرە .

٣ – منداڵی پێش قوتابخانە (٣ – ٥) ساڵ پێویستی بە ١٠ بۆ ١٣ کاژمێرە

٤ – تەمەنی خوێندن (٦ – ١٣) ساڵ پێویستی بە ٩ بۆ ١١ کاژمێرە .

٥ – هەرزەکار (١٤ – ١٧) ساڵ پێویستی بە ٨ بۆ ١٠ کاژمێرە .

ئاوی شایانی باسە دەکرێت هەندێک منداڵ یەک ، یان دوو کاتژمێر زیاتر یان کەمتر لەو ژمارانەی سەرەوە بخەون . ئەمەش بەندە بە هەکاری بەماوەیی و فەسیلەجییەوە . جا ئێستا با بزانین دایکان و باوکان دەبێ چی بکەن ، تا بە درێژایی شەو بە دیار منداڵەکانیانەوە ڕێز نەکەنەوە و چەن یارمەتییان بدەن ، بە گریان و هەرا و زیقوهوە ، شەوکی هەمەن و ئارامیان بە دابین بکەن و خەوکی خۆشی ئاسایی بیانگرێتە باوەش و ئارامی بدات بە جەستەیان .

١ – ژوری نوستن شۆنی پشووی نوستنە ، هەر بۆیە پێویستە نیوکاژمێر پێش خەوتن ، لە ژوورەکەیدا کەمپیتەر و تەلەفزیۆن بکوژێنرێنەوە و هەموو ئاو شتانە لابەرێن ، کە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن وەک : پەرتووک ، یاریی منداڵان ، ئامێرە ئەلکترۆنییەکان ، بە تایبەتیش ئاو یاریانەی ڕووناکی دەبەخشن .

٢ – پێویستە هەموو شەوێک منداڵ ڕابهێنرێت لە کاتێکی دیاریکراودا بخەوێت . بە هەمان شێوەش لە بیانیاندا لە کاتێکی دیاریکراودا لە

خۆ هەبستەت . ئەگەر چی لە هاویندا دەنگە تزڵک قورس بەت پابەندبن بۆ کاتە دیاریکراوانەوە ، بەڵام تا دەتوانیت هەوڵبدە پابەندی ئەو کاتانە بە .
٣ – دەنیابن ، کە منداڵ بە شێوەیکی یەک و پەک و لە کاتی دیاریکراوی خۆیاندا ژەمە خواردنەکانیان دەخۆن و وەرزشیش دەکەن .
٤ – بەرگی نوستن لەبەربکەن و ددانەکانیان پاک بشۆن .
٥ – باشترین کات بۆ ئەوەی منداڵەکەت بخەیتە جێگاکەیەوە ، ئەو کاتەیە ، کە خەواڵووە ، نەک زۆقی چاوی بەت ، یان نوستبەت و بیخەیتە جێگاکەیەوە . بەمەش خۆیان فێردەبن کەی بخەون . پاشان ئەگەر منداڵانی پێش تەمەنی خوێندنگا لە نیوەشەودا هەستان لە خەو ، ئەوا بیانخەنەوە سەر جێگاکەی خۆیان . باشتریش وایە کەرپە لەسەر جێگای خەتان نەخەوێنن . چونکە نووستنی کەرپە بە تەنیشت دایک و باوکەوە مەترسی مردنی لە ناکاوی کەرپە زیاد دەکات .
٦ – بە هەگرتن لە هووناکی پەردەی تاریک بۆ ژوورەکەی بەکاربهێنە . ئەگەر لە تاریکیش ترسا ، گەپی کزی شەوانەی بۆ دابگیرسێنە . هەوبدە پلەی گەرمایی ژوورەکەی کەمەک لە کاتی پێش نوستن فێنکتر بۆ . پاشان ژوورەکەی لە دەنگە دەنگ بپارێزە . یان بە هەگرتن لە دەنگە دەنگی دەرەوە ، ئامێری ژاوە ژاو (Sound Machine) ی بۆ بەکاربهێنە .
٧ – ئەگەر منداڵەکەت بە شێوەیکی ئاسایی نەخەوت ، یان لە نیوەشەودا هەستا لە خەو ، هەڵی مەگرە ، هەوبدە بە دەنگەکی شیرین و هێواش ، یان بە دەست لەدانەکی ئەسپایی ئارامی بکەیتەوە . خۆ ئەگەر بەردەوام بوو لە گریان ، لەوانەیە برسی بەت ، یان پەویستییان بە گەینی دایبی بەت . بە خێرایی و هەمنی کشکەی چارسەربکە و زووش ژوورەکەی بەجێبهێڵە . دیارە نابێ ئەوش لە بیربکەی ، ئەگەر لە کاتی نوستندا منداڵ پرخە پرخی کرد ، ئەوا پەویستە سەردانی پزیشک بکات . چونکە لەوانەیە کێشەی هەبەت ، یان هەکاری وەستانی هەناسەی بەت لە کاتی خەوتندا .
٨ – کاتێک منداڵی ساوا ، خوشک ، یان برایەکی نوێی لە دایک دەبەت ، یان ددانی تازەی دەردەچەت . یان شوێنەکی ئازاری دەبەت ، یان تووشی سەرما و هەڵامەت و هەوکردنی گوێچکەکانی دەبەت ، ئەوا هەموو ئەمانە ئاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر خەوی منداڵەکە دەبەت .
٩ – پێش نووستن دووربکەرەوە لە پێدانی ژەمە خواردنی قورس و کافاین و ئەوانەی شەکریان تێدایە . ئەگەر پەویست بوو ، خواردنەکی سووک و تەندروستی بە ئامادە بکە . چونکە کێشی قورسی منداڵ یەکێکە لە هەکارەکانی کەم خەوی . خەوی خێش و ئاسایش ، قەرەوی بە هێزی ٣٦٪ کەم دەکاتەوە .

١٠ – تارمای (کابوس) ی شەوانە بە منداڵانی بچووک ترسناکن . چونکە بە زەحمەت جیاوازی دەکەن لە نێوان ڕاستەقینە و ئەوەی ڕاستەقینە نییە . زۆر جار بە هەیوە لە خەو خەبەریان دەبێتەوە و لەوانەیە دەست بە گریان و هاوار هاوار بکەن ، خۆ ئەگەر چەند جارێکی کەم ئەم حاڵەتە دووبارە بێتەوە ، منداڵەکە هەوربکرێتەوە و زۆر بە ئاسانی بیخڕێتەوە ناو جێگاکەیەوە . ئەگەر هاوارکردنیشی نەما ، ئەوا وازی لێبێنێ و خەبەری مەکەرەوە و جێگای ترس و دڵەڕاوکێ نییە . بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو حاڵەتە بە زۆری دووبارە بێتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا خۆی ڕاهێنا ، ئەوا باشتر وایە سەردانی پزیشکی منداڵان بکات .
١١ – قسەکردن لە کاتی خەوتندا کێشەیەکی تری منداڵە ، کە بە زۆری لە سووکەخەودا ڕوودەدات . هەر بۆیە پاکوخاوێنی کۆشەوای خەوتن ، دەخی قسەکردن لە کاتی خەوتندا کەمدەکاتەوە ، هەرچەندە حاڵەتێکی مەترسیدار و زیان بەخش نییە ، بەڵام ئەو کەسانە بەزار دەکات کە لە هەمان ژووردا نوستون .
١٢ – لەکاتێنەوەکان دەریانخستووە ئەو منداڵەی بە ماوەی پێنج شەو لەسەر یەک ، لە کاتژمێرێکی خەوتن بەبەش بێ ، زیاتر تووڕەدەبێ و لە پێلدا کەمتر سەرنج دەدات و بێ باشیش لە وانەکانی تێناگات . چونکە لەم حاڵەتەدا تەنها بەشێکی مێشکی لە کاتی خەوتندا گەشەدەکات . ئەوەی شایانی باسە لە زانکۆی ماساچوسسی ئەمریکادا توێژینەوە بە ئەو منداڵانە کراوە ، کە تازە فێری وشەی نوێ کراون و پاش ماوەیەکی کەم خەویان لێخراوە ، دەرکەوتووە ٨٠ ٪ ی وشە نوێکانیان لە بیردا ماوە . بەڵام ئەو منداڵانەی نە خەوتون ، تەنها ٣٠٪ ی وشەکانیان لە بیردا ماوە و لە تاقیکردنەوەکانیشدا نمرەکانیان بە ڕێژەی ١٠ ٪ کەمتر بووە لە چاو ئەو منداڵانەی خەویان لێخراوە . ئەمەش پەیمان دەدێ خەو زۆر گرنگە و دەرمانی زیرەکی و فێربوونێ و پەیوستە منداڵان زووتر و زیاتر بخەون . جا تکایە ئەم خاڵە بە هەند وەربگرن .
١٣ – زۆر گرنگە ڕێژانە منداڵ بە بەردەوامی بجووڵێت و وەرزش بکات . تا وزەی شارراوەی لە شی لە کاتی خەوتندا کێشەی بە دروست نەکات . بۆیە پەیوستە هاوکاری بکەیت بەردەوام ئەو چالاکییانە بکات . بەڵام کارێکی وا مەکە لە پەلوپۆبکەوێ تا شەوانە باشتر بخەوێت . زۆرجار شەکەت و ماندووبوونیان خەو لە چاویان دەتارێنێ و سەرئێشەجامیش خەویان زەحمەتر دەکات .
١٤ – نوستن یارمەتی مێشک دەدات زانیاری نوێ ئاستەی بیرگەی منداڵ بکات ، لە ڕێگای کردارێکی گرنگەوە ، کە ناودەبرێت بە چەسپاندنی بیرەوەری (Memory Consolidation) ، یان بڕەودان بە

بیرتیژی . جا کاتێک سود لە ماوە بە نرخێکی نوستن وەرناگیرێت ، دەمارگانی مێشک ناتوانن وەک پێویست ئاو هاوکاریيە بکەن و ئاژی بیرچوونەوەیان بەرزدەبێتەوە .
١٥ – شتنی منداڵ پێش کاتی خۆتن زۆر گرنگە ، چونکە کاتێک منداڵ بە ئاوێکی تەزەک گەرم دەشۆرێ و لە گەرماو دێتدەرەوە ، پلەی گەرمایی
جەستەی کەمێک دادەبەزێ . ئەم دابەزینێش یارمەتی دەدات باشتر بخەوێت . تواژینەوەکانیش ئاویان دەرخستووە ، دابەزینی یەک پلەی گەرمایی لەشی منداڵ ، کارێک دەکات زووتر خەوی لێ بکەوێت و لە شەویشدا کەمتر خەبەری بێتەوە . سەرباری ئاوەی هەموو پیسییەک لە لەشی دەکاتەوە ، کە بە درژایی ئاژ پێوەی نووساوە . پاشان هەموو شۆک دووبارە بوونەوەی هەمان خشتن و دانشتن بە بەردەوامی ، منداڵ ئادەهێنێت ، کە کاتی چوونە ناو جێگاکەی نزیکە . سەرباری ئامانێش پێویستە دایک گرنگی بە خوێندنەوەی چیرۆک بە منداڵەکەی بدات . چونکە چیرۆک یارمەتی منداڵ دەدات هەست بە ئارامی بکات و سەرئەنجامیش بە قووڵی بخەوێ .
١٦ – ئاگەر هەموو ئاو خانەی سەرەوە جێبەجێکران و هێشتا منداڵەکە نەخەوت ، یان زۆر بە گران خەوت ، ئیتر ئاوە کاتی ئاوێ سێ و دووی لە نەکەیت و سەردانی پزیشک بکەیت ، تا هۆکارەکەی بزانیت . یان دەربارەی ئاستی : زیرەکی و زین کوڕی و وریایی و ئاڤتار و بزەوی و بیرکردنەوەی لە پاڵدا ، داوای هاوکاری لە مامۆستاکەی بکەیت . لەوانێش تەمەڵی و کێشە و گرفتی فێربوونی ، یەکێک بە لە هۆکارگانی کەم خەوی .

تێبینی : ١ – ئامێری ژاوە ژاو : بریتییە لە ئامێرێکی بچوک لە ژووری منداڵی ساوادا دادەنرێت و بەردەوام دەنگێکی وەک ژاوە ژاو دەردەکات و ئاگا لە دەنگە دەنگی دەرەوەی ژوورەکە دەگرێت و ژینگەیەکی ئارام بە خۆتن دروستدەکات . دایکەکەش دەتوانێ لە ژوورەکەی خۆیەوە و لە ئاگای مۆنیتەرێکی بچووکەوە بەردەوام چاودێری منداڵەکەی بکات .
٢ – بە ئەم باسە سود لە چەند سایتێکی ئینگلیزی وەرگیراوە .

□□ش و ســـپی.. شیعـــر: تـــورج نگهبـــان.. و□رگ□□انـــی: پشک□ ناکام

گ□رانی: داریوش اقبالی
و□رگ□□انی : پشک□ ناکام
"""""""""""""""

ت□ ئالوودی و□رانیم م□ب□
غ□می ئ□م پ□یک□ر□
ژ□نگاوی□ م□خ□
گو□ ل□ ب□سـ□ر ها تم بگ□ر□
و
ل□بیری ب□ر□
ب□ هوود□ ه□ر
خ□ف□تی□کی من م□خ□

ت□ سپی من □□شم
ش□ک□تی□کی □□ ل□ وون بووم
ل□ ه□ر کو□ پ□ناداری
من ل□ دونیا ب□ پ□نام
ت□ د□رک□وتنی ه□ر ئوم□دیکی
من ئاوابوونی نا ئوم□دیم
ت□ سپی د□ □□شی
من □□شی د□ سپیم

ن□ ئارامیی□ک..ن□ د□وار□ک
ن□ خاک□ک ک□ □روی ت□ک□م
ب□ چ پ□ر□شیی□ک ، ب□ چ د□□ک
ئ□م □□گ□ی□ بگرم..!!
چ ئوم□د□ک□ ب□ سپیی□ک
ب□ □□نگی ش□وی تارم

ت□ سپی ، من □□شم
ش□ک□تی□کی □□ ل□ وون بووم
گوناهی ت□ ، ب□ گوناهی

بە گوناە ، غەرقی گوناهم
تە دەرکەوتنی هەر ئومێدێکی
من ئاوا بوونی نا ئومێدیم
تە سپی دە ڕەشی
من ڕەشی دە سپیم
پەرەشی و حەماستم بۆتە
تاکە هەڵەم

تە سپی من ڕەشم
شەکەتێکی ڕە لە وون بووم
گوناهی تۆ، بە تاوانی
بە گوناە ، غەرقی گوناهم